# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە ( ٢٢٦ ) ساڵی هەژدەهەم ١٩/ تەممووز/ ٢٠١٨ زایینی ٢٨ / پوشپەڕ/ ٢٧١٨کوردی ٦/ ذوالقعدة/ ١٤٣٩ کۆچی

226


## لەم ژمارەیەدا :


ل ١

**یاسای ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٨**

یاسای بەرکارکردنی یاسای هەمواری بیستەمی یاسای میلاکات ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

ل ٢

**یاسای ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٨**

یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

ل ٣

**یاسای ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٨**

یاسای کارپێکردن بە یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

ل ٤

**یاسای ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١٨**

یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩

ل ١١

**یاسای ژمارە ( ٩ )ی ساڵی ٢٠١٨**

یاسای هەمواری چوارەم یاسای سندوقی خانەنشینیی پارێزەران لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩

ل ١٥

**بڕیاری ژمارە ( ١١ )ی ساڵی ٢٠١٨ پەرلەمانی کوردستان**

ل ١٧

**ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٨ سەندیکای ژمێریاران و وردبینان**

کارکردنی چاودێرانی ژمێریاری مۆڵەت پێدراو لە هەرێمی کوردستان

ل ١٨

**بەیانی ساڵی ٢٠١٨ پەرلەمانی کوردستان**

ڕاست کردنەوەی هەڵەی چاپ لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ (یاسای هەمواری یەکەمی هەمواری جێبەجێکردنی یاسای هاتووچۆی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ لە هەرێمی کوردستان)

ل ١٩

**بەیانی ساڵی ٢٠١٨ ئەنجومەنی دادوەری**

دەست پێ کردنی پشووی دادگاکانی هەرێمی کوردستان

ل ٢١

**بەیانی ژمارە ( ٩ ) ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی ناوخۆ**

هەڵوەشاندنەوەی بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨



http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

ناونیشان: هـەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.
☎ :(٢٢٤٥٥٠٨-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥١٤)

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٢٦) السنة الثامنة عشرة ١٩/ تموز/ ٢٠١٨ ميلادي ٢٨/ پوشپەر / ٢٧١٨كوردي ٦/ ذوالقعدة / ١٤٣٩هجري

**226**

## في هذا العدد:

**القانون رقم (٥) لسنة ٢٠١٨** ص ٢٢

قانون إنفاذ قانون التعديل العشرين لقانون الملاك رقم (٢٥) لسنة ١٩٦٠ المعدل في إقليم كوردستان - العراق

**القانون رقم (٦) لسنة ٢٠١٨** ص ٢٣

قانون إنفاذ قانون مكافحة الاتجار بالبشر رقم (٢٨) لسنة ٢٠١٢ في إقليم كوردستان - العراق

**القانون رقم (٧) لسنة ٢٠١٨** ص ٢٤

قانون العمل بقانون مكافحة الإرهاب رقم (٣) لسنة ٢٠٠٦في إقليم كوردستان - العراق

**القانون رقم (٨) لسنة ٢٠١٨** ص ٢٥

قانون التعديل الثالث لقانون المحاماة في إقليم كوردستان – العراق رقم (١٧) لسنة ١٩٩٩

**القانون رقم (٩) لسنة ٢٠١٨** ص ٣٢

قانون التعديل الرابع لقانون صندوق تقاعد المحامين لإقليم كوردستان – العراق رقم (١٨) لسنة ١٩٩٩

**قرار رقم (١١) لسنة ٢٠١٨ برلمان كوردستان ـ العراق** ص ٣٥

**نقابة المحاسبين والمدققين تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٨** ص ٣٦

عمل مراقبي الحسابات المجازين في اقليم كوردستان

### فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط

**بيان لسنة ٢٠١٨ برلمان كوردستان ـ العراق** ص ١٨

**بيان لسنة ٢٠١٨ مجلس القضاء** ص ١٩

**بيان رقم (٩) لسنة ٢٠١٨ وزارة الداخلية** ص ٢١

**No. 226 Date : July , 19 , 2018 Vol.: 18**

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice

چاپخانەی شەهاب هەولێر

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی دەرچوون: ٩**
**مێژووی دەرچوون: ٢٠١٨/٧/٧**

پشت بەحوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی ڕۆژی ٢٠١٨/٦/٢٦ ئەنجامیداوە و ، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە ، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٨**
**یاسای بەرکارکردنی یاسای هەمواری بیستەمی یاسای میلاکات**
**ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی (١):**
هەمواری بیستەمی یاسای میلاکات ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو، لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق بەرکاردەکرێت و کار بە حوکمەکانی دەکرێت.

**ماددەی (٢):**
پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٣):**
کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆک لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی (٤):**
ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بەمەبەستی دیاریکردنی ناونیشانی وەزیفی و، لەپێناو جێبەجێکردنی یاساکە لەهەرێمدا، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شكرالله** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان - عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی دەرچوون: ١٠**

**مێژووی دەرچوون: ٢٠١٨/٧/٧**

پشت بەحوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی رۆژی ٢٠١٨/٦/٢٦ ئەنجامیداوە و ، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە ، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٨**

**یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ**

**ژمارە ( ٢٨ )ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی ( ١ ):**

یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق بەرکاردەبێت و، کار بە حوکمەکانی دەکرێت.

**ماددەی ( ٢ ):**

دامەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا، جێگەی دامەزراوە و فەرمانگەکانی ناوەندی و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا، لە هەرشوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبن دەگرنەوە.

**ماددەی ( ٣ ):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی ( ٤ ):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی ( ٥ ):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لە پێناو نەهێشتنی تاوانەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی شوێنەوارە ترسناکەکانی تاوانەکە و سزادانی تاوانباران و پاراستنی شکۆی تاکەکان و جێبەجێکردنی یاساکە لە هەرێمدا، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شکراللە** | **جعفر ابراهیم ئیمینکی** | **یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان - عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی دەرچوون: ١٢**
**مێژووی دەرچوون: ٢٠١٨/٧/٧**

پشت بەحوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و ، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢)ی ڕۆژی ٢٠١٨/٧/١ ئەنجامیداوە و ، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:-

**یاسای ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٨**
**یاسای کارپێکردن بە یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠٠٦**
**لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی ( ١ ):**

کارکردن بە حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦.

**ماددەی ( ٢ ):**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی ( ٣ ):**

ئەم یاسایە کارپێدەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی و بڵاودەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تیرۆر و پاراستنی سەروماڵ و موڵکی هاوڵاتیانی هەرێم و دابینکردنی ئاسودەیی و سەقامگیریان ئەم یاسایە دەرچوێنرا

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شكرالله** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان - عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی دەرچوون: ١٣**
**مێژووی دەرچوون: ٢٠١٨/٧/٩**

پشت بەحوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠١٨/٧/٢ ئەنجامیداوە و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٨
## یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان ــ عێراق
## ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩

**ماددەی (١):**

بڕگەیەك بە ریزبەندی (چوارەم) بۆ ماددەی (٣)ی یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**چوارەم:** ماوەی پارێزەرایەتی کردن بە ڕاژەیەکی شایستە دادەندرێت بۆ مەبەستەکانی دامەزراندن و سەرموچە و پلە بەرزکردنەوەی خانەنشینی لە فەرمانگە فەرمیەکان و کەرتی هاوبەش ( قطاع مختلط).

**ماددەی (٢):**

بڕگەیەك بە ریزبەندی (دەیەم) بۆ ماددەی (٤)ی یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**دەیەم:** هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت و لە کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی هەمیشەیی نیشتەجێ بێت، لەگەڵ رەچاوکردنی پرەنسیپی مامەڵەکردنی چوونیەك (المعاملة بالمثل)

**ماددەی (٣):**

ماددەی (٦)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** نابێت نێوانی ئەندامێتیی سەندیکاو وەزیفە گشتییەکان یان سەندیکا پیشەییەکانی دیکە یان هەر سەندیکایەکی دیکەی پارێزەران کۆبکرێتەوە.

**دووەم:** پێویستە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا و سەرۆکی لقەکان خۆیان تەرخان بکەن بۆ کاری سەندیکا و، کاری پارێزەرایەتی نەکەن لەو ماوەیەدا.

**ماددەی (٤):**

ماددەی (١١) ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** ئەنجوومەنی سەندیکا بنەما و پێوەرەکانی قبوڵ کردن و تۆمارکردن لە سەندیکا دیار دەکات.

**دووەم:** سەندیکا مافی هەیە پەیمانگەیەك یان ناوەندێکی تایبەت لەسەر بنەمای زانستی یان پیشەیی دابمەزرێنێت بۆ ئامادەکردن و ڕاهێنان و شیاندنی ئەوانەی دەیانەوێت ببنە ئەندام لە سەندیکا یان ئەوانەی ئەندامن تیایدا، ئەنجومەنی سەندیکا پێڕەوێك دەردەکات بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئەوانەی کە حوکمی ئەم بڕگەیە دەیانگرێتەوە.

**سێیەم:** بە ڕەچاوکردنی حوکم و بنەماکانی هاتوو لە بڕگەکانی (یەکەم) و (دووەم)ی ئەم ماددەیە، پارێزەران بەپێی ناونوسران و پێش یەکتری (الاقدمیة) لەو ناوانەی خوارەوە پێکدێت:

١- ناوی پارێزەر ( ڕاوێژکار).

٢- ناوی پیادەکار (الممارسون).

٣- ناوی پارێزەرە مەشقکارەکان (المتمرنين).

**ماددەی (٥):**

بڕگەی (یەکەم) ی ماددەی (١٣) ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** پێویستە پارێزەر ساڵانە بەرامبەری بەشداربوون و رسوماتی بڕیاردراو لە ماوەی هەردوو مانگی کانوونی دووەم وشوباتی هەر ساڵێك بدات ، لە کاتی دواکەوتن لە وادەی دیاریکراو، ڕێژەی (٢٥٪) بیست و پێنج لە سەدی بەرامبەر بەشداربوون و رسوماتی ساڵانەی بۆ زیاد دەکرێت.

**ماددەی (٦):**

بڕگەی چوارەمی ماددەی (١٦) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**چوارەم:** ماوەی ڕاژە لە دادگاکان ، داواکاری گشتی ، فەرمانگەکانی دادوەریی یان بەڕێوەبەرایەتییەکانی ماف لە یەکێك لە فەرمانگەکانی هەرێم یان وانەووتنەوە لە کۆلێژی یاسا، لە دوای وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا یان ئەوەی هاوتایەتی، بۆ مەبەستەکانی پلەبەندی دەقکراو لەم یاسایە هەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٧):**

بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٢٥)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** پێویستە لەسەر ئەو کۆمپانیا نیشتیمانیی (پشکدار بێت یان خاوەن بەرپرسێتیی سنووردار) و بیانییانەی لە هەرێم کار دەکەن ، یان لقییان هەیە لە هەرێم ، لەگەڵ ئەو بانك و کارگانەی لە وەزارەتی پیشەسازی و دەستەی گشتی وەبەرهێنان تۆمارکراون و تۆڕەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکان ، گرێبەست لەگەڵ پارێزەرێك یان زیاتر بکات بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژی یاسایی.

**ماددەی ( ٨ ):**

ماددەی (٢٦)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی ( ٢٦ ):**

نابێت هیچ کۆمپانیایەك ، نیشتیمانیی یان بیانی ، تۆمار بکرێت هەتا رێکخستنی گرێبەستی دامەزراندنی ، تۆمارکردنی یان تۆمارکردنی لقەکەی لایەنی کەم لەلایەن پارێزەرێکی پیادەکارەوە (ممارس) رێکنەخرابێت.

**ماددەی ( ٩ ):**

بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٣٥) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم:**

١- بە رێژەی (١٠٪)ی دە لەسەدای بەهای حوکم پێدراو بەو مەرجەی لە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار یان ئەوەی هاوتایەتی زیاتر نەبێت.

٢- بە رێژەی (٥٪)ی پێنج لەسەدای بەهای بەرامبەری بەخاوەنکردن (استملاك) بەو مەرجەی لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار یان ئەوەی هاوتایەتی زیاتر نەبێت.

٣- بەوەی کەمتر نییە لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار یان ئەوەی هاوتایەتی و زیاتر نییە لە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد وپەنجا هەزار دینار یان ئەوەی هاوتایەتی لە باری کەسێتیی و ئەو دەعوایانەی بەهاکەیان دیار نییە و لەو دەعوا سزاکارییانەی تیایدا تێڕوانین بۆ مافی مەدەنی دەکرێت.

**ماددەی ( ١٠ ):**

بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٣٩)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** پارێزەر دەتوانێت گرێبەستێکی نووسراو لەگەڵ بریکار بۆکراو (موکل) بکات ، گرێبەستەکە لای سەندیکا بە ئامادەبوونی هەردوولا پەسەند دەکرێت بەرامبەر دانی رەسمێکی بڕاوە بەبڕی (١٥,٠٠٠) پازدە هەزار دینار یان ئەوەی هاوتایەتی.

**ماددەی ( ١١ ):**

ماددەی (٤٨) ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی (٤٨):

**یەکەم:** دەستەی گشتیی سەندیکا لە کۆنگرەیەکی گشتیدا کۆدەبێتەوە لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی سەندیکا هەر (٣) سێ ساڵ جارێك ئەویش لە رێگەی نێردەکان (مندوبین) کە رێژەکەیان لە لایەن ئەنجومەنی سەندیکا دیاری دەکرێت و بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێن.

**دووەم:** کۆنگرە بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای نێردەکان دەبەسترێ بە پێچەوانەوە بۆ رۆژی دواتر دوادەخرێ و لەو حاڵەتەدا بە ئامادەبوونی (٣/١) یەك لەسەر سێی نێردەکان دەبەسترێ بە پێچەوانەوە لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە کاتێکی تری گونجاو بۆ بەستنی کۆنگرە دیار دەکرێت ، بەمەرجێ لە (٣٠) سی رۆژ تێپەرنەکات.

**سێیەم:** کۆنگرە ڕێکەوت و چۆنیەتی وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی (سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا)دیار دەکات و تاوەکو هاتنی وادەکە ئەنجومەنی سەندیکا بەردەوام دەبێت تەنها بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی سەندیکا.

**چوارەم:** ژمارەی یاسایی دەستە گشتی سەندیکا بۆ هەڵبژاردنی (سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا) بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی تۆمارکراو دێتە ئاراوە و بە پێچەوانەوە هەڵبژاردن دوادەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر و ژمارەی یاسایی دێتە ئاراوە بە ئامادەبوونی (٣/١) یەك لەسەر سێی ژمارەی ئەندامە تۆمارکراوەکان و لەکاتی نەهاتنە ئارای ئەم ژمارەیەش سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا بەردەوام دەبن لە کارەکانیان بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ ئەگەر هاتو دوای (٣) سێ مانگ ڕێژەی (٣/١) یەك لەسەر سێی ئەندامان ئامادەنەبوون ئەوا بەڕێژەی ئامادەبووان هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت.

**ماددەی (١٢):**

ماددەی (٤٩) ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی (٤٩):**

**یەکەم:** دەستەی گشتیی سەندیکا لە ڕێگەی نێردەکانییەوە لە کۆنگرە ئەم دەسەڵات و تایبەتکارییانەی خوارەوە پیادە دەکات:

١- گفتوگۆکردنی کارەکانی ئەنجومەنی سەندیکاو پەسەندکردن و بڕیاردانی ژمێرە کۆتاییەکانی بودجەی پێشوو و بڕیاردانی بودجەی نوێ کە ئەنجومەنی سەندیکا بۆ (٣) سێ ساڵی داهاتوو ئامادەی دەکات.

٢- تێڕوانین و یەکلایی کردنەوە لە کاروباری پارێزەران کە لە خشتەی کاردا هاتوون و تێڕوانین لەو پێشنیارانەی پێشکەشی کراون لە گشت ئەو شتانەی پەیوەندارن پێیەوە.

٣- پێشنیاری هەموارکردنی رسومات و هاوبەش و پێبژاردن بۆ سەندیکاو سندوقی خانەنشینیی.

٤- بڕیارەکانی کۆنگرەی گشتی پابەندن و بە زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەکان دەردەکرێت.

**دووەم:** دەستەی سەرپەرشتیار لەسەر کارەکانی کۆنگرە بانگهێشتی دەستەی گشتی دەکات بە تەواوی ئەندامە تۆمارکراوەکانی لە تۆمار و ئەوانەی بەرامبەری بەشداربوونی ساڵانەیان داوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی سەندیکا و ئەندامانی ئەصڵی و یەدەگی ئەنجومەنی سەندیکا لەو ڕۆژەی بۆ ئەم مەبەستە دیارکراوە و لە رووی کارگێڕی و تەکنیکی ڕێکی دەخات و مافی نییە دەستبخاتە نێو ڕێڕەوی هەڵبژاردنەکان یان ئەنجامەکانی و، چەند دادوەرێك لە دادگای تێهەڵچوونەوەی تایبەتمەندی ناوچەکە سەرپەرشتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکەن و کۆنووسەکانی ڕێکدەخەن و ئەنجامەکانی جێگیر دەکەن و ڕایدەگەیەنن.

**سێیەم:** دادگای تەمییزی هەرێم تایبەتمەند دەبێت بە تێڕوانین بەشێوەی بەپەلە لەو تانانەی پێشکەش دەکرێن لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان کە پێویستە لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ پێشکەش بکرێن کە لە ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەست پێدەکات و بڕیاری دادگا لەم بارەیەوە ملکەچ دەبێت بۆ تانەلێدانی لە لای دەستەی گشتیی دادگای تەمییز لە ڕێگەی داواکردنی راستکردنەوە ئەویش لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا.

**ماددەی (١٣):**

هەردوو بڕگەی (یەکەم) و (دووەم)ی ماددەی (٥٠) ی یاساکە هەموار دەکرێن و بەم شێوەیە دەخوێندرێنەوە:

**یەکەم:** نێردراوی کۆنگرەی گشتی بەشێوەیەکی نائاسایی لە ناوەندی سەندیکا کۆدەبنەوە لەسەر بانگهێشتی (٣/٢) دوو لەسەر سێی ئەنجومەنەکەی یان (٣/١) یەك لەسەر سێی ئەندامە تۆمارکراوەکانی.

**دووەم:** ژمارەی یاسایی کۆبوونەوەی نائاسایی بە ئامادەبوونی بەلای کەم (٣/١) یەك لەسەر سێی نێردەکان لە ئەندامانی کۆنگرە دێتە ئاراوە، بە پێچەوانەوە بۆ ڕۆژی دواتری دوادەخرێت و لە کاتی نەهاتنە ئارای ئەم ژمارەیە ئەوا کۆبوونەوەکە هەڵدەگیرێت.

**ماددەی (١٤):**

بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٥٨)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** دامەزراندنی فەرمانبەر و کارمەندان بەشێوەی گرێبەست بۆ ڕاییکردنی کارەکانی سەندیکا و کۆتایی پێهێنانی ڕاژەکانیان بەشێوەیەك مەرجەکانی دامەزراندن و مووچە و بنەماکانی بەرزکردنەوەی هاتوو لە یاسای ڕاژەی مەدەنی ڕەچاو بکرێت.

**ماددەی (١٥):**

ماددەی (٦٥)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی (٦٥): سکاڵای بەرزەفتەیی بە نووسراو لە لایەن سەرۆکی سەندیکا یان سەرۆکی داواکاری گشتی یان هەر دادگایەك یان لایەنێکی فەرمیی یان لە لایەن بریکاربۆکراو دەجولێندرێت لەم حاڵەتەش بریکاربۆکراو بارمتەیەك (تأمينات) دەدات بڕەکەی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینارە یان ئەوەی هاوتایەتی، ئەگەر لە دەعواکەی خاوەن ماف دەرچوو ئەوا بۆی دەگێڕدرێتەوە، بەپێچەوانە وەك داهاتێکی کۆتایی بۆ سەندیکا تۆمار دەکرێت.

**ماددەی (١٦):**

ماددەیەك بۆ یاساکە زیاددەکرێت بە ڕیزبەندی ( ١٨ی دووبارە) و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی (١٨)ی دووبارە:

**یەکەم:** پارێزەرە ڕاوێژکارەکان یان ئەوانەی پیادەکارن (ممارس) دەتوانن نووسینگەی تایبەت بەخۆیان یان هاوبەش لە شوێنی کارکردنیان کە لە لای سەندیکا جێگرکراوە، بکەنەوە.

**دووەم:** دەکرێت نووسینگە بەناوێکی تایبەت بەخۆی بکرێت کەوا لە تۆمارێکی تایبەت لە لای سەندیکا تۆمار دەکرێت ئەویش لە دوای ئەو ڕێکارانەی سەندیکا بە ڕێنمایی دیاری دەکات و ئەنجومەنەکەی بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی (١٧):**

بەشێك بۆ یاساکە زیاد دەکرێت بە ڕیزبەندی (بەشی دەیەم) لە ژێر ناونیشانی (کۆمپانیاکانی پارێزەرایەتیی)، ڕیزبەندی بەشی دەیەمی یاساکە دەبێتە (بەشی یازدەم):

## بەشی دەیەم

**ماددەی (٧٧)ی دووبارە:**

**یەکەم:** پارێزەرانی ڕاوێژکار بۆیان هەیە کۆمپانیایەکی مەدەنی پیشەیی بۆ پارێزەرایەتی و راوێژکاریی یاسایی دابمەزرێنن بە سیفەتی هاوبەشیی پێکەوەیی لە رووی نەیاریی و بەرپرسێتییەوە بەرامبەر بەکەسانی دیکە لە یەك نووسینگە یان زیاتر بە مەبەستی پارێزەرایەتی کردن و پێشکەش کردنی راوێژی یاسایی و بۆیان نییە نوێنەرایەتی ئەو لایەنانە بکەن کەوا بەرژەوەندییەکانیان دژ بەیەکە و بۆیان هەیە پارێزەرایەتی بکەن لە چوارچێوەی کۆمپانیا یان لە دەرەوەی ، بەگوێرەی بەندەکانی ئەو رێککەوتنەی لە نێوانیان واژووکراوە.

**دووەم:** کۆمپانیا کەسایەتی مەعنەوی هەیە و مافی هەیە پیشەی پارێزەرایەتی بکات لە رۆژی تۆمارکردنیەوە لە تۆماری کۆمپانیا مەدەنییەکان لەلای بەشی کۆمپانیاکان لە سەندیکا لەدوای پەسەندکردنی ئەنجومەن لەسەر پێڕەوی بنەڕەتی و گرێبەستی دامەزرێنەری کۆمپانیاکە.

**سێیەم:** ناوی کۆمپانیاکە ناوێکی گوزارەی شیاو دەبێت بە پیشەکە یان ناوی هەموو هاوبەشەکانە یان ناوی یەکێکیانە لەگەڵ (هاوبەشەکانی) و بەردەوام دەستەواژەی (کۆمپانیای مەدەنیی پیشەیی پارێزەرایەتی) یان (کۆمپانیای پارێزەرایەتی) لەدوای دێت.

**چوارەم:**

١- هیچ هاوبەشێك مافی نییە لە مافەکانی لە کۆمپانیا بێتە خوارەوە بۆ کەسانی جگە لە هاوبەشەکانی مەگەر بەرەزامەندیی نووسراوی هەموویانەوە بێت.

٢- هەر هاوبەشێك مافی هەیە لە کۆمپانیا بێتە دەرەوە لە دوای ئاگادار کردنەوەی هاوبەشەکانی لەم بارەیەوە بەلای کەم بەر لە (٣) سێ مانگ.

٣- پارێزەر مافی نییە ببێتە هاوبەش لە زیاتر لە یەك کۆمپانیا لەو کۆمپانیایانەی لەم یاسایەدا دەقییان لەسەرکراوە.

٤- پارێزەر مافی نییە لە کۆمپانیا بە هاوبەش بمێنێتەوە ئەگەر لە پیادەکردنی پیشە قەدەغە کرابێت یان ناوی لە خشتەی پارێزەران لەبەر هەر هۆیەك بێت، رەشکرابێتەوە.

**پێنجەم:** لە کاتی نەبوونی دەق بۆ چارەسەری حاڵەتی پێویست لە کۆمپانیاکانی پارێزەرایەتیی مەدەنی دەکرێت بۆ حوکمەکانی هاتوو لە یاسای مەدەنی و یاسا بەرکارەکانی دیکەی پەیوەندار گەرانەوە بکرێت.

**شەشەم:** سەرۆکی سەندیکا یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات گرتنەبەری رێکارەکانی هەڵوەشاندنەوەو پاکتاوکردنی کۆمپانیای مەدەنیی پارێزەرایەتی بەپێی یاسای پارێزەرایەتی و رێنماییەکانی لە ئەستۆ دەگرێت.

**حەوتەم:** ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربارەی بەیانی گرێبەستی دامەزراندنی کۆمپانیا و چۆنیەتی رێکارەکانی تۆمارکردنی لەلای سەندیکا و هەڵوەشاندنەوەی یان پاکتاوکردنی ، دەربکات.

**هەشتەم:** پێویستە لەسەر گشت ئەو کۆمپانیایانەی پارێزەرایەتی کە لە هەرێم کار دەکەن ، خۆماڵی بێت یان بیانی کە پێشتر بەپێی یاسای دیکە دامەزراون، باری یاسایی خۆیان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ئەو رێنماییەی بەپێی ئەم یاسایە دەردەچن لە ماوەی (٦) شەش مانگ لە بەرکاربوونی ئەم یاسایە بگونجێنن و هەمواری بکەن. لەگەڵ رەچاوکردنی بنەمای مامەڵەی چوونیەك (المعاملة بالمثل).

**نۆیەم:** کۆمپانیاکانی پارێزەرایەتی وەك کەسایەتییەکی مەعنەوی ئەو لایەنانە کە لە یاسا بەرکارەکان وەسفکراوە بۆ مەبەستەکانی بریکارنامەیی و پێڕاگەیاندنی یاسایی و دادبینی و گشت ئەو کاروبارانەی کە پەیوەندیدارن بە پیشەی پارێزەرایەتی کردنەوە تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت کە تیایدا ناکرێت.

**ماددەی ( ١٨ ):**

ماددەیەك بۆ یاساکە زیاددەکرێت بە رێزبەندی ( ٤٤ی دووبارە) و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی (٤٤)ی دووبارە:

هەر پارێزەرێك کەسی پلە یەکی دادوەر بێت لەلایەن ئەو دادوەرە داواکەی نابینرێت.

**ماددەی ( ١٩ ):**

ماددەیەك بۆ یاساکە زیاددەکرێت بە رێزبەندی ( ٢٤ی دووبارە) و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی (٢٤)ی دووبارە:

سەندیکا بۆی هەیە:

**یەکەم:** خاوەن پێداویستی تایبەت یان ئەوانەی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتیان هەیە لە رسومات و بەشداری ساڵانەی سەندیکا ببەخشرێت.

**دووەم:** بەخشش (منحە) بدات بە پارێزەری خاوەن پێداویستی تایبەت.

**سێیەم:** قەرزی نەختینەیی بدات بە پارێزەری خاوەن پێداویستی تایبەت.

**ماددەی ( ٢٠ ):**

دەستەواژەی (سەرۆکی سەندیکا) جێگەی دەستەواژەی (نەقیبی پارێزەران) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاسای پارێزەرایەتی هاتبێت.

**ماددەی ( ٢١ ):**

ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی ( ٢٢ ):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بریارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی ( ٢٣ ):**

**پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی ( ٢٤ ):**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.**

## هۆیەکانی دەرچواندن

**لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی و زانستی کاری پارێزەرایەتی ئەندامانی سەندیکا و پەیڕەوکردنی بەرچاوگرتنی بنەماکانی دیموکراسیەت و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندنانەی لەم بوارەدا هاتۆتە کایەوە، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شکراللە** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان - عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی دەرچوون: ١٤**
**مێژووی دەرچوون: ٢٠١٨/٧/٩**

پشت بەحوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی ڕۆژی ٢٠١٨/٧/٢ ئەنجامیداوە و ، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٨**
**یاسای هەمواری چوارەم یاسای سندوقی خانەنشینیی پارێزەران لە هەرێمی کوردستان ــ عێراق**
**ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩**

**ماددەی (١):**
بڕگەیەك بە ریزبەندی (چوارەم) بۆ ماددەی (٢) لە یاساکە زیاددەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
چوارەم: دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بەرنامە و کاروبارەکانی ڕێکدەخات بەجۆرێك کە لەبەرژەوەندی ئەندامانی سەندیکا بێت.

**ماددەی (٢):**
ماددەی (٣) لە یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی (٣):**
**یەکەم:** دەستەی سندوق لە (٣) سێ ئەندامی ئەصڵی و (٣) سێ ئەندامی یەدەگ پێکدێت کە نوێنەرایەتی هەر یەك لە ئەندامی دادوەریی و وەزارەتی دارایی و سەندیکای پارێزەران دەکەن.
**دووەم:** دەستە لە لایەن نوێنەری ئەنجومەنی دادوەریەوە سەرۆکایەتی دەکرێت کە نوینەرایەتی سندوق دەکات لە بەردەم دادگاکان و فەرمانگەکانی تر.
**سێیەم:** ئەنجومەنی دادوەری ئەندامی ئەصڵی و یەدەگ لە نێو دادوەرانی پلە یەکدا دەپاڵێورێت، وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەندامی ئەصڵی و یەدەگ لە نێو فەرمانبەرانیدا دەپاڵێورێت بە مەرجێك پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، سەندیکای پارێزەران ئەندامی ئەصڵی و یەدەگ لە نێو پارێزەرە ڕاوێژکارەکانیدا دەپاڵێورێت.

**ماددەی (٣):**
بڕگەی (پێنچەم)ی ماددەی (٤) لە یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**پێنجەم:** دامەزراندنی فەرمانبەران و كارمەندان بەشێوەی گرێبەست بۆ راییكردنی كاروبارەكانی دەستە و كۆتایی پێهێنانی راژەكانیان بە جۆرێك مەرجەكانی دامەزراندن و دیاریكردنی مووچە و بنەماكانی بەرزكردنەوەی هاتووە لە یاسای راژەی مەدەنی رەچاوبكرێت.

**ماددەی (٤):**

بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٦)ی یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم:**

١- پارێزەر هاوبەشی (الاشتراك) بەشداربوون لە سندوقی ساڵانە بەیەكجار لە ماوەی مانگەكانی كانونی دووەم و شوباتی هەر ساڵێك دەدات و، لە باری دواكەوتن لە وادەی دیاری كراو (٣٥٪)ی سی و پێنج لە سەدا ئابوونەی ساڵانەی دەخرێتە سەر.

٢- ئەو پارێزەرانەی كە دەبنە ئەندامی سەندیكا بۆ یەكەم جار بڕی (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دیناریان لی وەردەگیرێت، پێدانی ئەو بڕە پارەیە بە بەشداری كردنی پارێزەر لە سندوقەكە ئەژمار دەكرێت.

**ماددەی (٥):**

هەردوو بڕگەی (یەكەم) و (سێیەم) لە ماددەی (١٣)ی یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**یەكەم:** پارێزەر خانەنشین دەكرێت ئەگەر بە راپۆرتی لیژنەی پزیشكی فەرمی سەلمێندرا كە دووچاری نەخۆشییەك هاتووە تا ڕادەی پەككەوتە كردووە لە پارێزەرایەتی كردن و ماوەی پارێزەرایەتی كردنیشی بە (١٢) دوازدە ساڵ دادەندرێت ئەگەر لەم ماوەیە كەمتر بێت و بەرامبەرەكانی بەشداربوونی ئەو ساڵانەی بۆ راژەكەی زێدەكراوە لە سەندیكا و لە سندوق لێی وەردەگیرێت بەو مەرجەی لەسەر بنەمای (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ هەر مانگێك خانەنشین بكرێت.

**سێیەم:** ماوەی پارێزەرایەتی كردنی پارێزەر بە (١٥) پازدە ساڵ دادەندرێت ئەگەر لەم ماوەیە كەمتر بێت و كۆچی دوایی بكات و، مووچەی خانەنشینی بۆ خێزان و منداڵەكانی (عیالە) لەسەر ئەو بنەمایە تەرخان دەكرێت و بەرامبەرەكانی بەشداربوونی لە سەندیكا و سندوق لێ وەرناگیرێت بەرامبەر بەو ماوەیەی ماوە یاساییەكەی پێی تەواوكراوە.

**ماددەی (٦):**

پێشەكی ماددەی (١٤)ی یاساكە هەمواردەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

بەتەنها ئەو وادانەی دادێن بە وادەی پارێزەرایەتی كردن دادەندرێن بۆ مەبەستەكانی خانەنشینی ئەگەر پارێزەر لە بڕی ئەو وادانە بەرامبەرەكانی هاوبەشی بەشداربوونی لە سەندیكا و سندوق بدات.

**ماددەی (٧):**

بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (١٥)ی یاساكە هەمواردەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم:** ئەو پارێزەرانەی لە هەرێمی كوردستان پێش بەركاربوونی ئەم یاسایە خانەنشین كراون، مووچەی خانەنشینیان بۆ تەرخان دەكرێت لەسەر بنەمای (٤٠٠٠) چوار هەزار دینار بەرامبەر هەر مانگێكی ماوەی خانەنشینی و، بۆ ئەم مەبەستەش دوایین بەشی مانگ بە مانگێكی تەواو دادەندرێت.

**ماددەی ( ٨ ):**

ماددەی (١٦)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی ( ١٦ ):**

**یەکەم:** دەکرێت نێوانی مافەکانی خانەنشینی پارێزەرایەتی و هەر مافێکی خانەنشینی دیکە کۆبکرێنەوە بەچاو پۆشین لە سەرچاوەکەی بەو مەرجەی کۆی گشتیان زیاتر نەبێت لەو مووچەیەی پارێزەر لە سندوق شایستەی دەبێت و لە هەر حاڵەتێکیش بێت لە (١٨٠٠٠٠٠) یەك ملیون و هەشت سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**دووەم:** مووچەی خانەنشینی هاتوو بۆ پارێزەری خانەنشینکراو لە وەزیفەیەکی دیکە لەو مووچەیەی خانەنشینی کە شایستەی دەبێت کەم دەکرێتەوە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی ( ٩ ):**

بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٧)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** ئەگەر پارێزەر یان پارێزەری خانەنشینکراو کۆچی دوایی کرد ئەوا مافەکانی خانەنشینی لە رۆژی مردنییەوە بۆ خێزان و منداڵەکانی (عیالە) دەگوازرێتەوە و لەم حاڵەتەش حوکمەکانی خانەنشینبوونی خێزانی هاتوو لە یاسای خانەنشینی مەدەنی پیادە دەکرێت.

**ماددەی ( ١٠ ):**

ماددەی (٢١)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی ( ٢١ ):** بەدەر لە حوکمەکانی ماددەکانی پێشوو دەستە هەڵدەستێت بە بەخشینی:

**یەکەم-** مووچەیەکی خانەنشینی کەمتر نەبێت لە (٧٥٠٠٠٠) حەفت سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ خێزانی ئەو پارێزەرانەی لە خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان — عێراق شەهید بوون.

**دووەم-** مووچەیەکی خانەنشینی کەمتر نەبێت لە (٦٠٠٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار بۆ خێزانی ئەو پارێزەرانەی لە دوای وازهێنانی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئیدارەی کوردستان لە ١٩٩١/١٠/٢٣ و تا دەرچوواندنی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩، کۆچی دواییان کردووە.

**ماددەی ( ١١ ):**

ماددەی (٢٢)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخۆێندرێتەوە:

**ماددەی ( ٢٢ ):**

یەکەم- ماوەی پارێزەرایەتی کردن لە دەرەوەی هەرێم پێش پێکهێنانی لیژنەی کاتی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لە رێکەوتی ١٩٩٣/١/٣ بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە هەژمار دەکرێت ئەویش بۆ ئەو پارێزەرانەی لە سەندیکا پێش رێکەوتی ٢٠٠٣/٤/٩ تۆمار کراون.

دووەم- پێویستە لەسەر ئەو پارێزەرانەی لە سەندیکا کەوا پێش ٢٠٠٣/٤/٩ تۆمار کراون لەوانەی داوای خستنەسەری ماوەی پارێزەرایەتی کردنیان دەکەن لە لای سەندیکای پارێزەرانی هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی خانەنشینکردن، بەرامبەرەکانی بەشداربوونی ئەو ساڵانە لە سەندیکا و سندوق بدەن.

**ماددەی ( ١٢ ):**

**كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێكی ناكۆك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكرێت.**

**ماددەی ( ١٣ ):**

**پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.**

**ماددەی ( ١٤ ):**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان)دا جێبەجێ دەكرێت.**

**هۆیەكانی دەرچواندن**

**لەپێناو پاراستنی ماف و دابین كردنی ژیانێكی شایستە بۆ پارێزەران و خێزانەكانیان، بە لەبەر چاوگرتنی پەرەسەندن و گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتی وئابوورییەكان، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شكراللە** | **جعفر ابراهیم ئێمینكی** | **یوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان - عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** |

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١١**
**مێژووی بڕیار: ٢٠١٨/٦/٢٦**

## بـڕیـار
## ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٨

پاڵپشت بە حوکمی ماددەکانی (٣٩ و ٤٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (١) لە رۆژی ٢٠١٨/٦/٢٦دا ئەم بڕیارەی دا:-

**یەکەم:**

قبوولکردنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەم ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق کە ناویان لە خوارەوەدا هاتووە، لەو لیژنانەی خوارەوە:

١ـ (سعید محمد سعید) لە ئەندامیەتی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ.

٢ـ (مستەفا احمد حمد) لەئەندامیەتی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.

**دووەم:**

زیادکردنی ئەم ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق کە ناویان لە خوارەوەدا هاتووە لەو لیژنانەی خوارەوە:

١ـ (سعید محمد سعید) بۆ سەر لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی.

٢ـ (مستەفا احمد حمد) بۆ سەر لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژاڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان.

**سێیەم:**

ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی لە ٢٠١٨/٦/٢٦ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**جعفر إبراهیم ئێمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**سەندیکای ژمێریاران و وردبینان**

**ژمارە: ١٠١٨١ لە ٩/٧/ ٢٠١٨**

## ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٨

## کارکردنی چاودێرانی ژمێریاری مۆڵەت پێدراو لە هەرێمی کوردستان

**پاڵپشت بە هاتوو لە حوکمەکانی یاسای سەندیکای ژمێریاران و وردبینانی کوردستان ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٠**

**١- پێویستە چاودێرانی ژمێریاری مۆڵەت پێدراو لە هەرێمی کوردستان پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوە بن :-**

**أ- بەجێهێنانی ئەرکەکان بە هەموو توانایەکیان بەپێ پێوەرەکانی هونەری و پیشەیی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان و عێراق ، هەروەها ئەنجامدانی کاری وردبینی و ئامادەکردنی راپۆرتەکانی پەیوەست بەکاری ووردبینی بەپێ ی چاودێری پیشەیی پێویست لەلایەن خودی خۆیان یان ئەو کەسانەی کە شارەزان و چالاکن لە بواری وردبینی کار دەکەن لە ژێر سەرپەرشتیان بە شێوەی راستەوخۆ .**

**ب- دەبێت لە هزریانەوە سەربەخۆبن ، بێ لایەن بن بە شێوەیەکی بابەتی بەدەر بن لە هەر بەرژەوەندیەکی تاکە کەسی کە دەبێتە رێگری لایەنی بابەتی و ئەمانەتی کاری پیشەیی . دەبێت راستیەکان بە دروستی بخەنە ڕوو ، هەروەها ئازاد بێت لە هەر نادیدە و دژە بەرژەوەندیەکان و بەدوور بێت لە پەیوەندییەکان و هەڵوێستەکان کە کاریگەری دەکاتە سەر بڕیارە پیشەییەکان.**

**ج- پابەند بێت بە یاسا و رێسا پیادەکراوەکان و ئاگاداربێت لە پاراستنی پەیوەندیە ئەرێنیە پیشەییەکان لە نێوان ئەندامان لەگەڵ خۆ بە دوور گرتن لە هاندان و بەشداری کردن لە هەر کارێك کە رەوشتی پیشەیی لە کەردار بکات هەروەها پاپەند بێت بە دیارکردنی ماندوو بوونی بە پێ ی رێنمایە پەیرەوکراوەکان.**

**د- پێویستە داوابکات لەو لایەنەی کە کاری وردبینی و ڕاپۆرتی بارودۆخی دارایی چالاکیەکانی ئەنجام دەدات ، بە پەسەندکردنی ڕاپۆرتەکان لە لایەن سەندیکای ژمێریاران وردبینان بۆ تەواو کردنی بە شێوەی سیستەمی (ئوصولی).**

**ه- پابەند بێت بەتەواوی بنچینەی رەوشتی پیشەیی بە سەرجەم بڕگە و بابەتەکانی هاتوو کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان و عێراق .**

**٢- کار بە هیچ راپۆرتێکی دارایی ناکرێت کە دەرچوو بێت لەلایەن نووسینگەکانی چاودێران و رێکخەرانی ژمێریاری ئەوانەی مۆڵەت پێدراون بە کارکردن لە هەرێمی کوردستان ئەگەر هاتوو پەسەند نەکرابێت لەلایەن سەندیکا .**

**٣- لەسەر لایەنی پەیوەندار پێویستە ئاسانکاری پێویست بکات بۆ مەبەستی جێ بەجێ کردنی ئەم رێنمایانە.**

